# جینۆلۆجیا و گەمەی ونکردنی سەلارخان

عەلی عومەر




١٧ی کانونی دووەم ٢٠٢٣ وتار

کلۆمدان و داخرانی کێشــــە تەنیا فۆرم و دیاردە نییە، دەشـــێ لە چەمکە جیاوازەکانی ئیســــتاتیکادا دەرکەوتبێت، بە شـــێوازی جیاواز وێنەیەکی لەنێو تابلۆکانی ڕیاڵدا فەراهەم بکات، جێگای خەیاڵی تێدا لەق بێت، ئەمەش بە تەنیا ئاماژە بە دابڕان و هەســـتکردن بە بوونی بێ ئەوی دی ناکات، بەڵکوو لە بزرکردنی یەکتردا یەق دەداتەوە، پاشـاگەردانییەکە، بارگرانییەک دەخاتە سـەر

چەمکی ئۆنتۆلۆژیا، لە ئەگەری هەر کرانەوەیەکدا توخنی شـــوێنگەیەک دەبێت، ســـەرجەم یەکەکانی لە هاوکێشـــەی بزربوون و دۆزینەوەدا یەک دەخات، دەرهاویشـــتەکانی دەکاتە تەوەرێک، چەند زیاتر بەدوایدا ڕاکەیت تەنیاتر و نامۆتر دەبیت، هەرچەند پاڵنەرەکانی دۆزینەوە پتر تەنگهەڵچنن بە کرانەوە و دۆزینەوە، ئەوەندەی تر ون دەبیت، لەنێو گوماندا بۆ ڕاستییەک دەگەڕێیت، پێی ناگەیت، مەگەر لە ڕێگای ئەدەب و دەروشـــاندنەوەی دەقدا، بە تایبەتی بە کردەی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، بتوانێ لە ڕێگای کارەکتەرەوە، هەندێ لە پاشخانی ئەو بەسەرهاتە بەسەر بکاتەوە.

## حەمام لە پەراوێزەوە دەگۆڕێت بۆ ناوەند

ڕۆمانی "سـەلارخان"[1] ڕۆمانێکی "مەحموود نەجمەدین"ە تا ئێسـتا سـێجار چاپ کراوە، ئەم ڕۆمانە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشـی یەکەم بە یانزە پاژ پۆلێن کراوە، بەشی دووەم بە هەشت ناوبڕ لە یەکدی دراون. بەشی یەکەم، گێڕانەوە بە مۆنۆلۆگە، کەســـی یەکەمی تاکی منی بگێڕەرەوە بە نۆرە بە شـــێوازێکی کرنۆلۆژی، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لە کارەکتەری ســـەرەکیی ســـەلارەوە دەسـت پێ دەکات، ئینجا کارەکتەری دووەم ماکۆسـان بۆی تەواو دەکات، بەم شـێوازە بە زنجیرەیی تا کۆتا پاژی یانزە دەڕوات. بەشـی دووەم لە نۆ ناوبڕدا حیکایتخوانی هەموو شـــتزان، لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە کردەی گێڕانەوە بەردەوامی هەیە، گرێچن تەژی کراوە بە ڕووداوی جۆراوجۆر، ململانێ بەپیی جووڵە، لە شـــوێن و کاتدا بە شـــێوازێکی تەریبی گرێدراوە بە دەرخســـتن و ڕێکخســـتنی ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان. گرێچنی یەکەم باس لە چیرۆکی دابڕانی دوو دڵـدار دەکـات، بۆ یەکتر دەگەڕێن، یەکتر نـادۆزنەوە. گرێچنی دووەم، چیرۆکی دڵداری ســـەردەمی مەلیک دەکاتە بنەمایەک بۆ چیرۆکی یەکەم، بە جۆرێک لە جۆرەکان، دەقئاوێزانی لەتەکدا دروسـت دەکات. گرێچنی سـییەم، لە ســـەردەمی شـــەڕی ئێرانەوە دەســـت پێ دەکات، هەر لەو ســـاڵەدا کۆتایی دێ، پێچەوانەی گرێچنی یەکەم بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ســـەردەمی دوای ڕاپەڕین، واتا ئێسـتای ئامادە کە کەسـایەتیی سـەلار بە مۆنۆلۆژ، لە هەشـت شـوێندا لە

[1] مەحموود نەجمەدین ـ سەلارخان ڕۆمان ـ چاپخانەی هوران ـ تاران ـ چاپی یەکەم ـ ساڵ ٢٠٢١

چاوەڕوانی چوونە حەمامدا، بە پڕۆسەی فلاشباگ پەیتا پەیتا بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە. لە سەرەتاوە دەڵێت "ئاوەکە گەرم نابێ ئەم بۆیلەرانە عادییە" ل ١٥، لە دواجاردا دەڵێت "هیچ نییە دایە گیان خاولیم لەبیر چووە" ل ١٣٠. پێداگری لە هەشت باربوونەوەی حەمام، ئاماژەیەکی دیارە، حەمام لە پەراوێزەوە دەگۆڕێت بۆ ناوەند، لە گوناهێکی پەنهانییەوە بۆ پاکبوونەوە، هەڵبەت سەلار لە پەراوێزی پەیوەندییەکی ئەوینداری، سەنتەری کچێنیی خۆی دۆڕاندووە، تەواوی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا و ئایینی وەک خاولییەکە لەبیر کرد، ئایا ڕووی خۆشەویستیی خۆی بێ خاولی پێ پۆشتەوپەرداخ دەکات، کێشەکە ئەوەیە، ئەم لە ساتێکی پڕ لە خرۆشان و حەزدا، خاولییەکەی لەبیر کردووە، پاکیزەیی لەکەدار بووە، بەدیوێکی تردا ئەوەی بتوانێ ئەم نهێنییە پەردەپۆش بکات، تەنیا ئەو کەسەیە کە بۆی دەگەڕێت، ئەویش ماکۆسانی خۆشەویستێتی. پێداگەری سەلارخان لە دۆزینەوەی ماکۆسان، درێژەدان و گێڕانەوەی ئەو لەزەتەیە، بە شێوەیەکی فەرمی هەوڵی ئەوە دەدات لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دروستدا ئەو پەیوەندییە نۆژەن بکاتەوە. سەلار بووەتە بارمتەی هەڵەیەک، بە ماکۆسان نەبێت نە ڕزگاری دەبێت، نە ڕاست دەکرێتەوە و پاک دەبێتەوە، داگەڕانی سەلار خۆپاراستنە، فاکتەرەکانی مانەوە مەیسەر دەکات، ڕەنگدانەوەی شوێنگەی کۆمەڵایەتی، پلەی چینایەتی فیگەرێکی دیاری ئەم دڵدارییەن. وا دەکەن لەبری خۆ سزادان، گلەیی لە چارەنووسی خۆی نەکات، پشت ئەستوور بێت بەوەی لە سێبەری ئەویندارییدا، نە نەفرەت لێکراوە، نە لە پەراوێزە، نە هەست بە گوناە و تاوان دەکات. سوورە لەسەر گەڕان و لە شکاندنی ئەو بەربەستانەی لە ماکۆسان دایدەبڕێت، ئەوەی دیارە، پەیوەندیی سەلار و ماکۆسان قۆناغی دڵداریی ئاساییان بڕیوە، پێیان ناوەتە نێو چەمکی ئۆنتۆلۆجییەوە، بە بوونی یەکێکیان ئەوی تر ئامادە دەبێت، بە ونبوونی یەکێکیان ئەوی تریش ون دەبێت، بە هەمان شێوەش گەڕانی یەکێکیان، گەڕانی ئەوی تر لە ئامێز دەگرێ، جگە لە یەکتر کەسی دیکە نابینن. لامارتین لە شوێنێکدا دەڵێت "کەسێک لەبەر دیدەی چاوەکانتدا ون دەبێت گێتی لە چواردەورتدا نامێنێ"،[2] دۆزینەوەی ناخی هەر یەکێکیان بەدیکردنی ئەوی دیکەیە، ڕاساندن و دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە بێ ناکۆکی نابێت، دەرخە و

[2] جۆرج طرابيشي ـ انثى ضد الانوثة ـ دار الطليعة ـ بيروت ـ ١٩٨٤ ـ ص ١٣١

سێبەر و پاشخانی ئەو نەریت و داکەوتەی لەسەرە، نەوە لە دوای نەوە دژ بە ستراکتوری ڕۆمانسیەت و ڕاستگۆیی پەیرەو کراوە، پێدەچی بە میراتی مابێتەوە. ساتەوەختی گەڕانی سەلار و ماکۆسان، هاوشانە بە دەرخستن و لەتبوون و دابەشبوونی کۆمەڵگایەک، جگە لە چاوگێڕان بە مادە و بەرژەوەندی، چیتر نییە. خۆشەویستی نابینن، دەبێت لەنێو ونبووندا بۆی بگەڕێت، بیدۆزیتەوە. مەحموود نەجمەدین ئەم ئایدفۆنە دەکاتە ڕێرەوێک کۆی ڕووداوەکانی تری پێوە گرێ دەدات، ڕەگەزەکانی دیکە دەکاتە خزمەتی، لە پێناوی کار دەکەن و دەجوولێنەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان نەبینراو، بە هێما و بە چەمکی فانتازیاوە تەلبەن کراوە. ڕووکار بە ناخەوە دەبەستێ، بە مانایەک نەک ململانییەک بەرجەستە ناکات، بەڵکوو دژەوابوونێک فەراهەم دەکات. کرۆکی ساڕێژکردنی دەروونێکی لێ دەوەشێتەوە، دیەوێت بگات بە ئاکامێک، لە زەمەنێکی هەستەکیدا، ئێستا بە ڕابردووەوە و ڕووکار بە کانگاوە، گەڕان بە دۆزینەوە، پەیوەست بکات. هەر لە سۆنگەی ئەم هۆکارانەدایە، کردەی گێڕانەوە هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی وێنەگەلێکی زۆروبۆری کەموکوڕییەکانی دەوروپشت و باسکردنی تۆپۆگرافی گەڕەکەکانی سلێمانی، شوێن و زەمەن و کەسانی جیاواز لەتەک ئاستەکانی گێڕانەوەدا هاوتەریب دەکات، ئەم هاوتەریبییە لە گێڕانەوەدا، بە نۆرە شانبەشانی یەک دەڕۆن، بە کورتبڕی جاری یەکەم، بەم جۆرە سەلارخان دەناسین: خوشکی گەورەیە، مامۆستای مێژووە، پێش بیست ساڵ ماڵیان لە گەڕەکی سابوونکەران بووە، ئێستا لە گەڕەکی تووی مەلیکن، کچی جەمالی حاجی جەلالی قەمەرەیە، دایکی ماوە، تەلاری خوشکی شووی بە ساماڵ کردووە، لە سایەی حزبەوە لۆرتە، نیشتەجێی شاری هەولێرن، هەردوو براکەی ڕەهێڵ و دیلمان لە هەندەرانن. جاری دووەم بەم جۆرە ماکۆسان دەناسین کە ناوی نهێنیی حزبی ئامانجە، فیراری عەسکەرییە، لەتەک هەڵۆ، ئارام و ئازادی هاوڕێیدا تەنزیمی نهێنیی شارن، چاوەڕێ دەکات ئازاد دەفتەرخدمەی تەزویری بۆ بێنێ، دڵداری سەلارخانە، کامەران برا بچووکییەتی، سۆزان کچی خاڵۆ عەباسییەتی، دایکی ماوە سەرشەقامین، ئێستا لە گەڕەکی سەرچنار نیشتەجێن، ئەم دوو خانەوادیە لەسەر ئەوە کۆکن ماکۆسان و سەلار هەرچۆنێ بێت نابێت بەیەک بگەن، هەر یەکیان بە ئاڕاستەیەکی جیا کار دەکەن، ماڵی حاجی جەلالی قەمەرە هانی

ســـەلارخان دەدەن شـــوو بە مەریوانی ئەنوەری حەلاو بکات، ئەوی تریش بە نیازن کە ماکۆســـان ســـۆزان بێنێ. ئیشـــی خێزان ئەوە نییە ویســـت و خەونی خۆی داســـــەپێنێ بەســـــەر نەوەکـانیـدا، بەڵکوو دەبێ ڕێگـایەک بـدۆزێتەوە، خەونەکانیان لە ونبوون قووتار بکات، بیکاتە سـەنتەر و ئامانج، ڕەشـبردنەوەی ئەم خەونانە، بەلاڕێبردن و شـــێواندنی ئەم ســـــەنتەرە یەک نایەتەوە لەتەک بچووککردنەوەی بەهاکانی بەرەوپێشـچوونی سـەرخانی ئابووری، شـار چەند گەورە بێت، ســـەنتەر بچووک دەبێتەوە، داکۆکیکردنی ســـەلار دۆزینەوەی ســـەنتەرە، دەنگی ناڕەزاییی ئەوی دیکەیە، دواندنی ئیتر "بەســـە" چاوخەڵەتاندن و ونکردنە، گێڕانەوەی پرەنســـیپە، شـــکاندنی چپاندنە، ماکۆســـانە، هەڵگری مێژوویەکی پڕ شـــکســـتی و بەیەک نەگەیشـــتنە، نامۆبوونی ئەو شـــەپۆڵە بەردەوامەیە کە لە دۆخە جیاجیاکاندا گێنگڵ دەدات لە بەهەشـــتی خەونەوە دەپەڕێتەوە بۆ دۆزەخی واقیع.

## دۆخی سێگۆشەکان و بەرکەوتنی گەمەکان

دەبێت چی بەســـەر دنیادا هاتبێ، لە ســـێ زەمەنی جیاوازدا، بنیادی ژێرخان دەجووڵێت و گەشـە دەکات، لە بەرامبەردا بنیادی سـەرخان لە ئاسـت جووڵە و گەشـەکردندا پاشـەکشـێ دەکات، سـەرەتای دابڕانێک لە پەیڕەوکردنی ئازادیی پێش خۆیدا فەراهەم دەکات، بیرکردنەوەیەکی جیاواز دروست دەکات، سێبەری تـاقە ئـاســـمـانێـک نـاتوانێت لە یەک وێنەدا کۆیـان بکـاتەوە، ئەوەی لەنێوان ئەزموونی حەز و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەگوزرێ لە دوو ئاسمانی جیاوازدا وەک داکەوتێک یەق دەداتەوە، ئاسـەواری لەسـەر بەرجەسـتەکردنی ئەزموونی خەون، حەز و پەیوەنـدیی ئەویـنداردا بەجێ دەهێڵێت، ئەمەش یەک نـایەتەوە لەتەک تیۆریی بوونگەرایی، کـاتێ ســـــارتەر لە گوتەیەکیـدا دەڵێت "من تۆم خۆشـــدەوێت تۆ هەقت چییە"، ئایا ئەم چەمکە، دەتوانێت لە دنیای ڕۆژهەڵاتدا، ئایدفۆنی پەیوەندیی ئەویـنداری بگۆڕێت، لەو قەوارە بچووکەی بۆی دانراوە، ڕزگاری بکات، سەرکێشی و بەدبەختی ئاشقان لەوێوە دەست پێ دەکات، کاتێ دابڕان و بەرکەوتن لەگەڵ ئەو سنوورە کۆمەڵایەتییەدا دەکات، ئەو سانسۆرانە دەشکێنن، کە بەسەر دوو دنیادا، دابەشیان دەکەن، پەیوەندیی من و ئەوی دی،

لەوانی تر تۆخ دەکەنەوە. بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەریەکە و بەپێی ئەزموونی تـایبەتی خۆی، تێکەڵی ئەو ئـازادییە بچووکەی نێوان دوو دڵـدار دەبێـت. پەیوەندیی نێوان دوو کەس بار دەکرێ بە چەند ئەگەرێکەوە، کە پاردۆکسـێ لەتەک گەهەوری پەیوەندیی ئەویندارێدا دروسـت دەکات، هەڵبەت سـەرچاوەی ئەم پاڕادۆکسە، دەبێت پاشخانی چیرۆک و ئەفسانەیەکی مێژوویی لە دوا بێت، ئەگەر لە چیرۆک و ئەفسـانەی ئادەم و حەوادا، داگەڕانی بۆ بکەین، دەبینین، ئەگەر لە سـەرێکەوە درەخت هۆیەک بێت بۆ بەیەک گەیشـتنیان، لە سـەرێکی ترەوە دەبێتە هۆکارێک کە لە بەهەشـتی خۆشـەویسـتی دەریان دەکات. ئەگەر لێرەدا، دالی درەخت مەدلوولێک بێت بۆ پۆلێنکردنی بەهەشـتی ئەویندارێ و دۆزەخی یاخیبوون، هەمان تێز و ڕێسا، لە سـەردەمە جیاوازەکاندا بە جۆرێکی دیکە دووبارە دەبنەوە. ئەوتانێ مەحموود نەجمەدین، زیرەکانە سـوودی لە پەیوەندییەکی ئەفسـانەیی بینیوە، بە کردەی دەقئـاوێزان لە پەیوەنـدییەکی دڵداریدا، هەمان ئەزموونمان بۆ دووبارە دەکاتەوە، لەبری درەخت، حەوز و نافورەکەی ماڵی باپیری سەلاری هێناوەتەوە، لە حەزێکی سەرشێتدا ئەزموونە دێرینەکەی ئادەم و حەوا دووبارە دەکەنەوە، ئیشـی خۆیان دەکەن، بە هاتنە خوارەوەی دوو دڵۆپە خوێن، بە ڕەنگکردنی حەوزەکە، گورزی خۆیـان دەوەشێنن، لە دوای بەرکەوتنی نەشئە و حەزی بەیەکگەیشتنی دوو جەستەی تینوو، لە کردەی دامرکانەوە و سـاردبوونەوەیەکدا، لێکەوتەی دوو پرسـیاری لێ دەبێتەوە، ئایا دوو دڵۆپە خوێن سـنووری شـکاندنی ئەو بەربەسـتەیە کە جومگەکانی ڕەوشتی لەسەر هەڵچنراوە، یان ئامرازێکی دڵڕەقە، بە سنوورێکەوە گرێمـان دەدات، بەهـاکـانی پەیوەنـدیی ئەویـنداری تێدا لەکەدار دەکـات، مـافی لایەکی تێدا دەبێتە بـارمتەی لایەکەی تر، ئـایا جوگرافیـای جەسـتە، لەتەک مێژووی خەمە پیرۆزەکانی دڵداریدا پاڕادۆکسـێ فەراهەم ناکات؟ بە ڕاسـت و چەپدا پرسیار لەسەر دابەشبوونی سنوورەکانی ڕەگەزی نێر و مێدا ناکات؟ کە بە هیچ پێوەرێک لەیەک ناچن، لە دووتۆی ترسـی مێینە، لە ڕەزامەندی نێرینە، ئایا لە ئاشتبوونەوەیەکدا خۆیان نمایش ناکەن، هەمیشـە دڵداران لەژێر فشـاری سـێکوچکەی ترس، چـاوەڕوانی و گومـانـدا کۆمەک کراون، هەڕەشـەی بەیەکنەگەیشـتن و ڕێسـاکانی چارەنووس، بە لۆژیکێکی تێنەگەیەنراو گەمەی خۆی دەکات. بە دیوێکدا لە سێگۆشـەی یەکەمدا، بنکەی سێگۆشـە ماکۆسـان و

سەلارخانە، گۆشەی بەرامبەر بەرکەوتن لەتەک هەردوو لای بنکەدا دەکات، لە لایەکەوە دایکی ماکۆسان دەیەوێت سۆزانی برازای بۆ ماکۆسان بێنێت، لە لایەکی ترەوە، کامەرانی برا بچووکی ماکۆسان حەزی لە سۆزانە، ناوێری ئاشکرای بکات، سۆزان خۆی بۆ ماکۆسان داناوە، ماکۆسان هەر بەتەمای سەلارە، بۆی نادۆزرێتەوە.

رووبەکی دیکەی سێگۆشەکە، لە خانەوادەی سەلارە، بە هەمان شێوە سەلار و ماکۆسان بنکەن، بەرەی دژ بەمان. کارزانی هاوڕێی ماکۆسانە کە سەلاری پێناساندووە، کوڕی ئافتاوی سیحربازە، مامۆستا گێلاس حەزی شاراوەی بۆ ماکۆسان هەیە. ئەمانە هەر هەموو دەیانەوێت سەلار شوو بە مەریوانی ئەنوەری حەلاو بکات. ئەمە بێجگە لە دایکی سەلار و تەلاری خوشکە بچووکی سەلار و ساماڵی مێردی، پێداگریی تەلار لە شووکردنی سەلار، خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی ژنیەتیی تەلار و سروشتی کچێنیی سەلاردا، دەبینێ. کارین هۆرنی لە پەندێکدا دەڵێت "کچ پێش شووکردن ئاوە، لە دوای شووکردن دەبێتە ئیچ تو ئۆ"h t o -، بە سەرێک دژەوابوونێک لەنێوان سیستەم و سروشتی ئەم دوو خوشکە لە خێزانێکدا کۆ دەکاتەوە، بە سەرێکی تر، هەموو ڕاکردنێکی سەلار بە دوای ماکۆساندا، خۆدۆزینەوە نییە لە سنووری سیستەمێکدا کە هەڵبژاردەی خۆیەتی، نەک هەڵبژاردەی ئەوەی وەک ژنێک، خۆی لە گەمەی هاوسەریدا دووبارە دەکاتەوە کە گیانی ونبوون و دۆزینەوەی تێدا نەبێت، بێڕۆح بێت لە ئەگەرەکانی چاوەڕوانیی خۆرپەکانی بەیەکگەیشتن، نایەوێت کیمیائاسا لە پەیوەندیی هاوسەریدا ببێت بە یاسا و ڕیسا بێگیانەکانی زانست، دەیەوێت سروشت بێت، وەک بەهەشت، نەک دۆزەخی ڕێساکانی واقیع.

سێگۆشەی دووەم، بنکە تایەربەگ و گوڵچینە، دەڵێت شوو بە ئامۆزا ناکەم، بەربەست ئامۆزاکەی گوڵچینە، لە چوارچێوەی یاساکانی عەشایری ساڵی سییەکانی ئەوسای حوکمی مەلیکیدا. بە کوشتنی تایەربەگ، دەتوانێ ئابڕوو، سەربەرزی، بۆ ناو و خێزان و بنەماڵەی گوڵچین بگێڕێتەوە. گوڵچین لە پەیوەندییەکی ئەفسانەییدا، بنەمای پاشخانێکە، کاریگەری لەسەر سەلاری سێگۆشەی یەکەمدا هەیە، لە ڕووی شوێنەوەش هاوشێوەبوونێک هەیە، ئەگەر

لای ســەلار حەوزەکەی ماڵی باپیرە، ڕەنگ کرابێت بە دوو دڵۆپە خوێن، لێرەدا نافورەکەی ماڵی تایەربەگە، وێنەی تاوانی کوشـــتنی گوڵچینی هەڵگرتووە، لە تـابلۆی ســـەردەمە جیـاوازەکـانـدا، لە گەلەرییەکی دیکەدا، بە جۆرێکی تر، ڕەنگدانەوەی دەبێت.

سـێگۆشـەی سـییەم بنکەی سـۆبێکێت هەردوو کارەکتەری  برزوو و خوناوە، ئۆبێکتی ئەم پەیوەندییە دەسـەڵاتە، سـاڵی هەشـتاکانە، شـەڕی ئێران و عێراقە، چیرۆکی دڵداری برزوو و خوناوە، برزوو کەسێکی یاخییە لە دەسەڵات، خوناو خوێندکارێکی دەرچووی زانکۆی بەغدا بووە، ئاشقی یەکتر بوون، هاوسەرییان کردووە، برزوو بێ دڵی خونـاو نـاکـات، بۆ مـانگی هەنگوینی بڕیـاری چوونە بەغدا دەدەن، لە ڕێگا برزوو بە دەفترخدمەی ســاختەوە دەگیرێ، شـــوێن بزر دەکرێت، برزوو و ماکۆســـان جگە لەوەی هاوڕێی یەکتر بوون، عاشـــق بوون، هەردووکیان خاوەن دەفتەرخدمەی ساختە بوون، تەنیا جیاوازی ئەوەیە برزوو گیرا، شوێن بزر کرا، ماکۆسان ماوەتەوە، ئایا دەگات بە سەلار؟ ئەمە جیاوازی لەتەک تایەربەگ و برزوودا دروســت دەکات، ئەگەر نا بۆ ئەو فاکتەرانە چین؟ ناهێڵن بگات بە دواخەون، واقیع لە خەیاڵ جیا بکاتەوە، لە گێژاوی سەردەمێکدا ناتوانێت وێنەی بوونی خۆی بدۆزێتەوە، ســـەلارخان لەنێو نیگاکانی ون بکات، گیرۆدەی پرسـیارێکە نازانێ پێدراوەکانی خۆشـەویسـتی ونی دەکات، یان لەنێو نیگاکانیدا دەیدۆزێتەوە. لە ئێســتای گێڕانەوەدا، لە ســێ جەمســـەرەوە، ئایا لە ڕووی دەلالییەوە، شـــکۆی دڵداری تا چ ئاســـتێ دەتوانێ ببێت بە ئەنتەرناتیڤی دوو دڵۆپە خوێن، لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە، دامێن و نـاوی خێزانی پێوەلکاوە. ئایا ئەم چەمکە لە سێ سەردەمی جیاوازدا، بە چ شێوەیەک دەخرێتە ڕوو، کێ تاونبارە، ئەم وینەیە لە چ تابلۆیەکدا، بە چ تایتڵ و تەرزەیەک نمایش دەکرێت، یەکەم لە ســـــەردەمی مەلیکیدا، لە چیرۆکی تـایەربەگ و گوڵچیندا، دەبینین پەیوەندیی ئەویندارى نە مەتڵەبە، نە بنەمای هاوســــەرییە، بەرایی بۆ ئامۆزا و خزمە، یەکێک لە پرەنســــیپەکانی کەنار کەوتنی ئەویندارى، خۆی لە فەرامۆشـــکردن و گوێنەدان و گوێنەگرتنی خواســـتەکانی تاکدا دەبینێت. بە گرێدانی تاک بە بنەماڵەوە، کە کارەســــات و قوربانی بەدوای خۆیدا دێنێت، بە تـاوان هەژمـار نـاکرێ، کەس بەدوایدا نـاڕوات. مەحموود نەجمەدین لە ڕێگای چەمکی فـانتـازیـا و خەیـاڵەوە، بە ســـەرکەوتوویی توانیویەتی فەزای دەق

جیاکاتەوە لە فەزای واقیعی باو، نەمری و هێزی مانەوە بگێڕێتەوە بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی، لە خەیاڵێک نزیکمان خاتەوە. ئەو فاکتانە ڕەت دەکاتەوە، کە تایەربەگی بە غەدر گوڵچینی لە چاوەڕوانیدا کوشت، خوێنی ئەورەحمانی لەلەی نەهێشت، دەڵێن عەزەی قومری دەم و چاوهەڵگر قاپێک شەرابی هەیە، سووریکی ڕەشە، خوێنی تایەربگە، عارەقخۆر ناتوانێ بیخواتەوە، گوایە کاتێ سەلار لەدایک بووە، عزە قەترەیەک لەو شەرابەی خستووەتە سەر زمانی، بە تامی ئەویندارییەوە گیرۆدەی کردووە. بە دیوێکی تردا لە لێکدانەوەیەکی دیکەدا، لە ڕووی خەسڵەت و بەسەرهاتدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە لێکچواندنێکدا، هەمان چیرۆکی گوڵچین، لە ڕێگای ئەفسانەوە، لە سەردەمێکی تردا دووبارە دەبێتەوە، چارەنووسی سەلار بە گوڵچینەوە دەبەستێ. لە هەمان کاتدا بڕوانامەی بێگوناهی بە سەلار دەبەخشێ، بە سەرێکی دیکە، بە دووری نازانین، سەلار دۆنادۆنی لەتەک گوڵچیندا کردبێت، لە یەکچوون و پێداچوونەوەی ئەوەیە کە یەکەم نافورەکەی ماڵی تایەربەگ تا ئەم دواییە خوێنی لێ هەڵدەقوڵێ، تا چەمی قلیاسان ڕۆیشتووە، تەخت کراوە، بووەتە باڵەخانەیەکی بیست و چوار نهۆمی، حەوزەکەی ماڵی باپیرەی سەلاریش تا ئەم دواییەش هەر سوور بووە، لە بێخەوە هەڵکەنراوە، بووەتە باڵەخانە. دووەم، گوڵچین تا مرد چاوەکانی پڕ لە خوێن بووە، هەر سیمای خوێنی تایەربەگە و دەبێتە شەراب، خوێنی سەلاریش دەبێت بە شەراب و ئەڕژێتە جۆگەلەی ئاوەڕۆوە، کەس چیرۆکی هیچیان نانووسێتەوە. سێیەم، ئەو خوێنەی لە قورگی گوڵچینەوە هەڵدەقووڵێ، ئەو خوێنەیە لە قورگی سەلارەوە سەرئەکەوێت. چوارەم هەردووکیان تاوانی دوو دڵۆپەخوێن لە هاوکێشەیەکی داخراودا، ڕێکیان دەخات. ئەگەر لە پێدراوەکانی دەقی بەردەستدا، ڕێکخستن و مانەوەی چیرۆکی خۆشەویستیی یەکەم، کێشەی سەنتەر بێت، ئەوا لە پەراوێزی هەمان سەردەمی هشتاکاندا، چیرۆکی سەلار لە ئاستی ڕووکاردا هاوشێوەبوونێک لەتەک چیرۆکی دڵداریی برزوو و خوناودا دروست دەکات. لە چیرۆکی یەکەمدا دەبینین ترادیسیۆنی عەشایەرگەرایی، ئامۆزا بە نموونە دەبێتە ڕێگر، لە چیرۆکی برزوو و خوناودا، ڕژێم دەبێتە ئاستەنگ و کۆسپ، هاوپێچ ڕەگی ئەم دوو چیرۆکە وەک فیگەرێک، دێتەڕیزی حیکایەتی ماکۆسان و سەلار.

لەم سەردەمەدا دەبینین، دەسەڵات بەلایەکدا دۆست، کەسوکار، خێزانی هەردوولا، بە لایەکەی دیکەدا، بە جیاوازیی دەرگیرییانەوە، هەردوو بەرە، کۆکن بۆ لەباربردنی خەونی دوو گەنج، دەیانەوێت بێنە ناو سیستەمی هاوسەرییانەوە، ئەگەر نهێنیی دوو دڵۆپەخوێن، پێداگرە لە وەستان و پرسیارکردن لە مانای ڕەوشت، بە هەڵبژاردنی وەڵامێک، لە بەرگێکی تردا، هەڵگری ئەلتەرناتیڤێکە بە ڕادەی تاوانی دوو دڵۆپەخوێن، کۆمەڵگا تاوانبار دەکات، ڕەخنەی لێ دەگرێت. هەڵبژاردەی ماکۆسان و سەلار، دەرکردن و نەفیکردنی سەرجەم ئەو شتانەن کە دەبنە بەربەست، ئەم دیاریکردن و نەفیکردنە، لەتەک تێزەکەی هیگڵدا دێتەوە، دەڵێت "هەموو دیاریکردنێک نەفیکردنیشە"[3]، بە دیوێکی تر دیاریکردنی بەهەشتی بەیەکگەیشتنی دوو دڵدار، دۆزەخی دوورکەوتنەوە و نەفیکردنی ئەوانی تری لێ دەبێتەوە، هەروەک سارتەر لە شوێنێکدا دەڵێت "ئەوانی دیکە دۆزەخن"[4]، لەم گۆشەنیگایەوە، دۆزەخی ئەوان بە چ شێوازێک دەکرێ بەهەشتی بەیەکگەیشتنی ئەوان لە شوێنێکی جیاوازدا وێران بکات، ئایا ئەمان بزربوونەتەوە بۆ بەهەشتێک؟ یان ئەوان لە پێشهاتەکانی دۆزەخی سەردەمێکدا ونبوونە؟ ناتوانن ناسنامەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بدۆزنەوە.

## ڕایەڵەکانی جینۆلۆجیا و ڕاساندنی نەرسیسی

هەردوو کارەکتەری ماکۆسان و سەلار دوو کارەکتەری داخراون، بە هیچ کلۆجێ ناکەونە نێو کاریگەری و گۆڕانکاریی ئەو ڕووداوانەی لە کردەی گێڕانەوەدا ڕەچاو دەکرێ. دەبینین لە کورتبڕی دوو سەردەمی جیاوازدا، لە هەشتاکانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ سەردەمی دوای ڕاپەڕین، تا دەگاتە سەردەمی کۆڕۆنا، بێ ئەوەی لە ڕاستەهێڵی دۆزینەوەی یەکتردا دەرچن، مل نادەن، نەرسیسی هەردوولا بە جۆرێک تۆخبووەتەوە لەیەکتر دۆزینەوەی خۆیاندا، یەکتر دەبینن، ئامادەن شان بدەنە بەر هەموو سزا و نەهامەتییەک. ئەمان

---

[3] بەختیار عەلی ـ سێوی سێهەم ـ چاپخانەی کارۆ ـ پەخش و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە ـ چاپی یەکەم ـ لاپەرە ٦٦

[4] عبدالرحمن بدوي ـ دراسات في الفلسفة وجودية ـ مؤسسة العربية للدراسات والنشر ـ طبعة اولى ـ ١٩٨٠ ـ ص ٢٦٧

پێچەوانەی هەردوو کارەکتەری ڕۆمانی "خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرادا"ن[5]، نە سەلار وەک فیرمینا داتا شوو دەکات، لە پاش مردنی مێردەکەی، ئەو خۆشەویستییە دێرینەی تێدا زیندوو دەبێتەوە، نە ماکۆسان وەک فلۆر بنتینۆ ئەریتا لە دوای سەدان سەرکێشیی سێکسی دێتەوە بۆ لای فیرمینا داتا. هەرچەندە ئەو بارودۆخەی، بەسەر فلۆر بنتینۆ ئەریتا، فیرمینا داتا، هات هەمان دۆخ تووشی ماکۆسان و سەلار هات، هەر لە بوونی شەر و ڕاکردن و گەشەکردن و گەورەبوونی شار و پەتا و نەخۆشی کوشندە، ئەگەر لەوێ پەتای کولێرە بێ، ئەوا لە سلێمانی پەتای کۆرۆنایە. ئەگەر ئەوان بە ئەزموونی هەڵە هێڵە ڕاستینەی پەیوەندیی ئەویندارى بدۆزنەوە، ئەوا ماکۆسان و سەلار، لە چەمکی نامۆبوونێکدا، لە دۆزینەوەی ئەوینی ڕاستینە، لە زەمەنێکی درۆیینەدا، ون کراون، پەیگیریی ئەمان لە ڕەتکردنەوەی ئەو لەمپەڕانەدایە کە چووەتە نێوانیان، بەرەنگاری بوون، جیاوازی ئەمان لەوەدایە، ئەمان نەرۆیشتوونەتە نێو ئەزموونی ئەویندارى دیکەوە، تا بگەڕێنەوە، لە هەڵەوە عەشقی ڕاستەقینەی خۆیان کەشف بکەن، یەکێک لە سەلماندن و بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەویندارى ماکۆسان و سەلار بەرپەرچدانەوی فاکتەرەکانی ناپاکی و بەدکەوتنی ئەو ژێدەرانەی دەوروبەری هەردوولایان بوو، کە توانی چەمەرەکانی متمانە تێپەڕێنێ، هەر جارە و بە هەواڵێکی درۆ و گوماناوییان دەئاخنیە نێو قسەکانیان، بۆ نموونە تەلار، گێلاسی هاوڕێی، سۆزان، هەر جارە و قسە و بوختان و درۆیەکیان دەکرد، گومانێکیان دەخولقاند، ئەگەر فلۆر بنتینۆ ئەریتا، لە ڕێگای گەشتی بەلەمەکەیەوە توانی بگات بە دڵخوازەکەی، ئەوا ماکۆسان، لە ڕێگای هەڵاتنە لە شۆفێری تەکسییەک کە سیخورە، دەیویست بە گرتی بدا، بە دەردەکەی برزووی بەرێت، کاتێ بۆ دەفتەرخدمەکەی دەگەڕێت نایدۆزێتەوە بۆی دەردەچێت، چوار قواتخاسە تەقەی لێ دەکەن، لە دوای هەڵهاتن، خۆی لە شوێنێکی سەیردا، دەبینێ، ئێرە سلێمانی نییە، کوێیە، لەنێو ئەو باڵەخانە بەرزانەدا، لەو قەرەباڵغییەدا، لە بەردەم لەفە و کافتریاکانی سۆلی گراندا نامۆیە، دەبینێ جلوبەرگ، ئۆتۆمبێل دنیایەکی ترە، نە سەرچنارە، نە

[5] غابرييل غ . ماركيز- رواية حب في زمن الكوليرا - ت عن الاسبانية صالح علماني - دار المنار للنشر- الطبعة ثالثة - السنة 1986

گەڕەکی سەرشەقامە، توی مەلیکیش وانییە، لە بەیەکداچوونی دوو زەمەندا لە ڕێچکەی فانتازیاوە.

## زەمەنی فیزیکی لە کار دەکەوێت

نووسەری ڕۆمانەکە ژێرخانی ڕاستەقینەی واقیعێکی نوێ دەردەخات، پاڕادۆکسێ لەتەک چارەکەسەدەیەکی پێش خۆیدا ئەنجام دەدات، بە ڕاشکاوانە ئەو گۆڕانکارییانە دەخاتە ڕوو کە بە ئاڕاستەیەکی تر، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن، بە جۆرێک ماکۆسان نە دەتوانێ بگات بە سەلار، نە دەتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەگەر چەمکی فانتازیا نەبێ مەحموود نەجمەدین ناتوانێ شێوەی ئەو وێنانە ڕەنگ بکات، بە گێڕانەوەی واقیعی هەستی پێ ناکرێت، ماکۆسانێک لەنێو دوو زینداندا ژیاوە، زیندانی فیراری و زیندانی خۆشەویستی، ئێستا بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، سەلار بدۆزێتەوە، کەچی تووشی زیندانی گەورەتر بووە. جیاکارییەکی ترسناک لەو ڕەهەندانەدا دروستبووە کە ئەم دەگەیەنێت بە زەمەنی سەلار، زەمەنی پەتای کۆڕۆنا و شەقامی سالم، تێناگات لە چوارچێوەی چ جۆرە دنیایەکە، چ واقیعێک خراوەتە دەرێ ناهێڵێت بە سەلار بگات، دەنگی پێی ناگات، ئایا گەورەبوونی شار، باڵەخانەی بەرز و ڕێستوڕانتی مۆدێرن، خەڵک و خوا، هەزار دەنگ و هەزار ڕەنگ، پەتای کۆڕۆنا، واقیع خۆیەتی، یان دابڕانێک لەو بەشە شاراوەیەدایە، ناهێڵێت ڕووی دڵەشکاوەکان دیار بن، پەیامی خەونەکان، خولیا و حەزی دۆزینەوەکان بینراو بن، تەنیا جارێکە تێزی خۆشەویستی لە دەرگای ونبوون دەدات، دووبارە نابێتەوە، لە گیانێکی مرۆڤانەدا ئاوێزانی دەبێت و لێی نابێتەوە، ئەوە پەیوەندیی دڵدارییە بە کەسێکی تاکەوە پێوەست دەکات، لە مێگەل دادەبڕێت، دەتباتە دنیایەکی تر، زەمەنی فیزیکی تێدا لە کار دەکەوێت، هەست بە تێپەربوونی کات ناکەیت، پرنسیپی تێکشکانی هەژمارکردنی ساڵەکان دەخولقێنێ، لە نامۆبوونێکدا وات لێ دەکات، وەک کەسێکی ئاسایی سەیر نەکرێیت. گەڕان بە دوای حەقیقەتی خۆشەویستی، گەڕانە بە دوای حەقیقەتی ئیمان، لەنێو تێپەڕاندنی زەمەندا، خەونێکە، نامۆبوونی فەراهەم دەکات وەک نامۆبوونی چیرۆکی خەوتنی

"ئەسحاب الکەهف"ە[6]، ئەو سەردەمەی ماکۆسان سەلاری تێدا خۆشویست، بەگویرەی ئێستا وەک سەردەمی ئەسحابی کەهفە، کاتێ لە چەقینی خەونی خۆشەویستیدا، ڕاست دەبێتەوە، ڕەچاوی بازدانێکی شارستانی بێشوومار دەکات. هەر بازدانێکی شارستانی، پلە بە پلە نەبوو، هاوشان، هاوتەریب نەبوو لەتەک ڕەهەندەکانی بنیادی سەرخانی ئابووری، هاوسەنگی لەدەست دەدات، کەوتنێکی نۆرماڵ بەدوای خۆیدا دەهێنێ، پێی دەڵێن لەفەیەکی فەلافل بە پێنج سەد دینارە، شۆک دەبێ، هەشت دیناری سویسری پێیە، دەپرسێت بۆ ئێرە کوێیە! سلێمانی نییە، هەشت دینارەکەی ناڕوات، ناتوانێ لەتەک ئەو سەردەمەدا مامەڵەی پێوە بکات، کەوتنی دراو، کەوتنی مامەڵەیە، لە گۆڕانی شوێندا بەجێمانی زەمەنی خۆشەویستییەکە نانووسرێتەوە، بزرکردنی کەلتوورێکە لە کۆیادی زەمەنێکدا ڕەنگ دەداتەوە، هەموو شتێ بووە بە پارە، چاوی بە مەفرەزەیەکی ئاسایش دەکەوێت، هەر پرسیاریشی لێ ناکەن، لەنێو ئەو قەرەباڵغییەدا، سەلار هاوار دەکات، یەکتر نادۆزنەوە، سێ مەتر لە یەکەوە دوورن، یەکتر نابینن، دەنگەکان تێکەڵ و پێکەڵبوونە، ماکۆسان لە دەنگی ناڵەیەک دەچێ بە حەواوە، دێتە خوارێ، هەرچی باڵەخانە هەبوون، ڕووخان. خەڵکیش لە خۆشی ئەو دیمەنەدا سەما دەکەن، ماکۆسان و سەلار کەوتوون هاواری یەکتر دەکەن، ماکۆسان دەمرێ سەلاریش گۆڕستانی گردی جۆگەی بە نسیب نەبوو، بە تونێکی هێواش بانگ دەکات، ماکۆسان، ئاهەنگی سەرکەوتن لەسەر دڵی خەڵکی بەردەوامە، درێژکردنەوەی ناوی ماکۆساااان لە درێژایی پچڕاندنی زەمەنە جیاوازەکاندا مانەوە و بەردەوامی کێشەکەیە بەیان دەکات. زەمەنی کردەی گێڕانەوە ئاماژەدارە، تەژییە بە هێما، لە سەردەمی یەکەمدا، لە پەیوەندیی گوڵچین و تایەربەگدا، تاوانەکە سادەیە، تاوانبار یەک کەسە، دیارە، تەختکردنی سروشتی حەوزێک ئاوە. لە سەردەمی دووەمدا قۆناغی گواستنەوەیە، لە چەمکی جینالۆجییەوە تاوانەکە لێکدراوە، دابەش بە چوار دەکرێ، کەسوکار، دەسەڵاتی سیاسی، شەڕ و فیراری، بە هەمان شێوە سروشتی حەوز دەگوازێتەوە بۆ تەکنەلۆجیای نافوورە، ئەمیش تەخت دەکرێ. لە سەردەمی سێیەمدا تاوان ئاڵۆزە لەیەک ناکرێتەوە، بە شێوەیەکی وا ورد دەبێتەوە ناتوانرێ، لە یەکتر جیاکرێتەوە، هەر لە کردەی ئەو وردبوونەوەدایە،

[6] القران الكريم - دار زباد للطباعة - دمشق حلبوني - ص 293

مەفرەزەی ئاســایش ناتوانێ پارچەکانی پرســیار لە تاوانێکدا کۆ بکاتەوە، هەر هەموو تاوانبارن، تەختکردنی ســروشــت، تایەربەگ و ماکۆســان لەناو نابات، دەردی کۆرۆنــایە پــاک و پیس لە تەک خۆیــدا دەبــات، لەمپەڕی بــاڵەخــانە بەرزەکانە، ناهێڵێت یەکتر ببینن، دەنگ و زەنای خەڵکە لە گوێبیســــتی یەکتردا ڕێگرە، ئاهەنگی لەبیرکردنە، ڕاکردنە لە زەمەنێک، تاوان ناســـنامەی ناوێکی دیاریکراوی نییە، پەیوەندیی ئەوینداری ئێســتا ســەرپێییە، زەمینەی نییە وەک ماکۆسان لەزەتی تێدا بکرێ، شۆکبوونی ماکۆسان، گومانێکە، لە دیلی خۆیدا لە شــوێنێکدا نەماوەتەوە، ئەو سنوورانە بشــکێنێت کە چارەکە ســەدەیەکە، دنیای ئەو دەپارێزن، دنیای ئێســـتا پارێزراو نییە، هەموو شـــتێک بێتام و خێرایە، چەشــنی خواردنگا و کافتریاکانی ســۆلی گراند، سلێمانی ئێستا بێناسـنامەیە، سلێمانی عەولەسیس، ئەحەی ناسر، عەزەی قومری، حەپۆلی مێشخۆر، حەمەی باجی حەپسە و بێکەس نییە، دەنگ هەڵبڕێ، شیعری ئەی وەتەن مەفتونی تۆم، بڵێت... هتد، ســلێمانی ئێســتا هی ئازادە لە باخەکەیەتی، لە ســیتەک خەریکی عەیشــونۆشــە و فوول ســەرخۆشــە، هی ئەو هەڵۆیەیە کە دوژمن کاتێ خۆی زیرەی لێ کردبوو، ئێســتاش بۆنی نەوتی لێ دێ، بێ ئیشــوکارە لە چایخانەی شــەعب خەریکی تاوڵەیە. ئەگەر ئەوســا تەختکردنی حەوز و نافورە هۆیەک بن بۆ شـــکســـتی پەیوەندیی ئەوینداری، ئەوا ئێســـتا داڕووخانی باڵەخانەکان ئاماژەیەکی دیارە، لە ڕووخاندن و کەنارکەوتنی ئەو پەیوەندییە ئینســـانییە، گوتاری ڕۆمانەکەی لەسەر بنیادنراوە.

## ماکۆسان و سەلار ڕەمزێکن

ئەم ڕۆمانە باس لە قەیرانی مرۆڤی کورد دەکات، نە لە ڕابردوودا، نە ئێســـتا نەیتوانیوە، مرۆڤئاسا خۆشەویستی و هاوسەری لەتەک نیشتماندا بکات کە لە ســەلارخاندا خۆی دەبینێت. ماکۆسانیش وەک سیاسییەک لە دڵسۆزیی چینی ژێرەوەدا، بە تێپەربوونی کــاتــدا، لە گۆڕینی ئــایــدلۆجیــای چینی بۆرجوازی دەســـەڵاتدا، لە بەرەنگاربوونەوەی نامۆبوونێکدا، ناتوانێ نیشــتمان بدۆزێتەوە، بگات بە ســەلار، لەگەڵ داڕووخانی خۆشــەویســتیدا وەک ئاماژەیەک باڵەخانە بەرزەکانی ئایدلۆجیای شاری تازە دادەڕووخێن، ماکۆسان و سەلار ڕەمزێکن

نەیانتوانی هەردوو زەمەنەکە و مرۆڤ و سیاسەت ئاشت بکەنەوە، لەگەڵ گەشەکردنی شار و گۆڕینی خانوو و کەلاوە بە کۆشک، باڵەخانە، شار گەورە دەبێت، کەسەکان بچووک دەبنەوە. دەسەڵاتی کوردی توانی شار گەورە بکات، بەڵام نەیتوانی کەسایەتی دروست بکات، خۆشەویستی بنیاد بنێ، ئەمەش لە پەیوەندیی خۆشەویستی سێ سەردەمی جیاوازدا دەردەکەوێت، ناگەن بەیەک، یەکتر نادۆزنەوە، گەمەی ونکردن و دۆزینەوە، ڕەمزێکە، بە کردەیەکی جینالۆجی، گەورەبوونی شار، ئەوەندە بەشدارە لە ونکردنی کەسەکان، بەخشینەوەی تاوان، ئەوەندە هۆیەک نییە بۆ دۆزینەوە و پاککردنەوەی کەسەکان. لە کۆتاییدا تارماییی گەورەبوونی شار بووەتە بارێک، لەنێو دەهالیزەکانی دڵڕەقی گەڕەک و کۆڵانەکانیدا بگەڕێت بۆ دڵنەوایی خۆشەویستییەک، کەسەکان یان لەنێو یەکتردا، یان لە دەرەوەدا ون دەبن.

بەفرانباری 2022